## پرۆژە بڕیار

پاڵپشت بە حوکمەکانی برگەی (١)ی ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو ماددەی (٦)ی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان – عێراق، و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (  )ی ڕێکەوتی  /  /٢٠١٨، بڕیاری دەرچوواندنی ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**ماددەی یەکەم:**

هەفتەی یەکەمی مانگی شوباتی هەموو ساڵێك بە هەفتەی تەبایی نێوان ئایینەکان دادەندرێت لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی دووەم:**

پێویستە لەسەر لایەنە حکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێم ئەم هەفتەیە زیندوو بکەنەوە لە ڕێگەی چالاکی ئاشتەوایی جۆراوجۆرو تیشك خستنەسەر ڕۆشنبیریی بڵاوکردنەوەی تەبایی و خۆشەویستی لە نێوان ئایینە جۆراوجۆرەکان لە هەرێمدا.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی دەرچوواندنی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان – عێراق نشینگەی بەیەکگەیشتن و پێکەوەژیانە لە نێوان جۆرەها ئایین و ئایینزادا، وە لە پێناو پتەوکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی تەبایی و خۆشەویستی لە نێوانیان و دوورکەوتنەوە لە پەرتەوازەیی و ناتەبایی، و وەك گونجاندنێك لەگەڵ بڕیاری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (A/RES/65/5) لە ٢٠١٠/١٠/٢٠، ئەوا ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.